# بێڵلا

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)

مەرج نییە مرۆڤ کە پێکەنی،
ئیتر دڵێک بەدەم پیاسەکردنەوە..
لە ژێر قەفەزەی سنگیا لەبەر خۆیەوە گۆرانی بڵێت
من زۆر جار بە مەینەتییەکانی خۆشم لە
پێکەنیندا کەوتووم بە پشتا
بەوە نییە دەست بەسەرتا دێنم و
لە لانکەی ڕەنگینی ماچا ئەتکەمە خەو
قەت لە خۆت پرسیوە
چ قەدەرێک لە پەنجەرەیەکی شکاوەوە هەڵیدایتە
ژوورەکەی من؟
کە برسیت ئەبێت هەست بە ڕووشانی غروورت ناکەیت
ئەو دەمەی خۆت لە داوێنم هەڵئەسوویت؟
کە تینوو ئەبیت بیر لە دەست و دڵە فراوانەکەی
دایکت ناکەیتەوە؟
«بێڵلا»، بەڕاستمە کە پێت ئەڵێم لە سێبەری
ڕۆحم ئەچیت
بەڵام هێشتا نامەوێت بە دەرکەوتنی ددانە
زەردەکانم تێ بکەویت
ئاگادار بە ئازیزم،
ئێمە کفنی باوکی خۆمان ئەدزین و
بە هەرزان ئەیدەینەوە بە کوتاڵفرۆشێک
کل لە چاوی دایکمان ئەفڕێنین و
شەرم نامانکات بە قەترەیەک تەریقبوونەوە
«بێڵلا» وەرە گوێچکە قشتەکانت بنێ بە سنگی
ڕەق و تەقمەوە
ئەوەی ئەیبیستیت لێدانی دڵە، بەڵام..
بێ غەڵ و غەش نا
ئەوەی دەست دێنێت بەسەرتا، منم،..



وەلێ وا بە سانایی بەقام پێ مەکە
ئێمە ئەتوانین لە یەک چرکەدا..
چەکوشێکی دڵڕەق و
بزمارێکی لارەمل بین
با واز لە هەموو شتێک بێنین
بەڵام کارەسات ئەوەیە بێللا گیان
هەرچۆنێک بجووڵێینەوە گەردنمان تیغی غەدرێک ئەیبڕێ
یان نووکەچەقۆی فریودانێک
تۆ نازانیت ئەو چەتەوڵی ئازارانە
چۆن بە کۆڵانە پڕ وردەشووشەکانی دۆزەخدا
لەسەر پشت ڕامان ئەکێشن و
گوناهمان وەک قورولیتە لێ ئەچۆڕێت؛
بمانتەکێنن تۆزێکمان لێ هەڵئەستێ
لێڵ و سوور، چەشنی غەدر و تاوان
***
دڵنیام تۆ سەری سەرگەردانیم ئەتاشیت و
ئاوێنەی شێتیی خۆمم ئەدەیتە دەست،
شێتبوونێک، لە شەرما خۆم بگەزم و
تک.. تک بە ناخی دڵبەردیی خۆما بچمە خوارێ، بێللا
ئەوەندەش هەر باشە مرۆڤ شەرم لە بێشەرمی
خۆی بکات
دڵت خۆش بێت بێللا
ئاخر ئێمە بە دەگمەن سەر لە قوڕ و لیتەی
خەجاڵەتی ئەگرین
کەمجار بیرمان ئەکەوێتەوە
بەردێک هەڵدەینە گۆمی مەنگی نامیهرەبانیمانەوە
بێخەم بە ئازیزم،
من شەربەتی هەموو ئیعتیرافێکت
لەسەر سینیی بریسکەداری شکستی خۆم بۆ ئەهێنم
دان بەوەدا ئەنێم من گەمژەیەکی خۆشبەختم
چونکە تۆم هەیت
تۆش بەدبەختێکی ساویلکەیت، چونکە هی منیت
***

شتێکم بە قسە بکە بێللا
بۆیان بسەلمێنە کە تۆ پەڵەیەک قوڕی سپڵەییش
بە دامێنتەوە نەلکاوە
بەم ئیشەت بە هەموو دنیا بڵێ
تۆ ڕەزی تەڕوبڕی وەفایت و هێشوو هێشوو
میهرەبانی دایپۆشیویت
بە قسەم بکە بێللا گیان
مەهێڵە بەر لە من بمریت
داواکەم قورس نییە کەسەکەم
من هیچم لە باخی قەرەبرووتی ئینسان سەوز نەکرد
بەری هیچ خەونێکی ڕەنگاڵەییم نەچنییەوە
تۆ یەکەم و دوایەمین داری شینبووی خۆزگەم بە و
پڕ بەرچنەیەک دڵنەواییم بۆ بگرە
بەم ڕیشە سپییەوە وام لێ بکە
وەک منداڵێک دوو باڵی عەجوولی دەرکەم ،
یاری بە گلۆپی کەفی سابوون و
تریقە.. تریق دوای سەیارەی دووکەڵی مێشەکە بکەوم؛
لە شەقامی فێنکی خەیاڵێکی سەوزەوە
بمبەرەوە ئەو دەمەی لە زەماوەندەکانا بۆ پێکەنین
لە هەڵپەڕکێدا فەقیانەی ژنانم لێکدی گرێ ئەدا،
تکایە دڵڕەقی وام لەگەڵ مەکە و
خۆت مەکە بەهیچ فارگۆنێکی شەمەندەفەری مردنا
ئەزانی ئەو نەشتەری زوڵمەت زێتر لە ئەوکم گیر بکەیت
هەموو خاشاکی شکستەکانی تەمەنم
هەڵئەدەمە حەوشەکەی تۆوە و
گەردنت لە خوێنی هەڵوەرینم ئازاد ناکەم
بێللای سەگباب

* بێللا ناوی پشیلەکەمانە، ئەو مەخلوقەی ماڵەکەمانی سەرڕێژ کردووە لە ئاوەدانی.

٢٠٢١- ٢٠٢٤
کۆڵن